**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**
**ژمارە: ٢١١٥ لە ٢٠٢٣/٤/٢٥**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، لە بڕگەی (٩)ی ماددەی (٢) و بڕگەی (٣)ی ماددەی (٥)ی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ ، ماددەی (١) لە یاسای کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (١) لە یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ ، و بۆ بەرژەوەندی گشتی و باشتر ڕاپەراندنی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :

## رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣
## تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم
## ڕێکخستنی فریکوێنسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن

**ماددەی (١):**

مەبەست لەو زاراوانەی لەم رێنماییەدا هاتوون ، ماناکانیان لە بەرامبەریاندا نووسراوە :

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

**سێیەم: وەزارەت:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**چوارەم: وەزیر:** وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پێنجەم: ئامرازەکانی میدیا:** ڕادیۆ (لۆکاڵی، سەتەلایت، ئێزگەکانی سەرلەنوێ پەخشکردنەوە)، تەلەفزیۆن (لۆکاڵی، سەتەلایت، ئێزگەکانی سەرلەنوێ پەخشکردنەوە)، تاوەر و ئێزگەکانی پەخشی هاوبەش و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، پرۆتۆکۆلی تەلەفزیۆنی لەڕێگەی ئینتەرنێت (IPTV(Internet Protocol Television)، پەخشی ئۆنلاینی کەناڵەکان لە ڕێگەی سایتە ئەلیکترۆنییەکان (WebTV)، کۆکردنەوەی هەواڵەکان لەڕێگەی سەتەلایتSNG (Satellite News Gathering)، کۆمپانیاکانی بواری فرۆشتن و بەکرێدانی فریکوێنسی سەتەلایت، نووسینگەی ڕادیۆ و کەناڵە بیانی و عەرەبییەکان، پەخشی ڤیدیۆی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی جیهانی ( DVB-T(Digital Video Broadcasting Terrestrial)، دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندن، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ، ریکلامی بازرگانی بیستراو و بینراو.

**ماددەی (٢): بەکارهێنانی فریکوێنسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان**

حکومەتی هەرێمی کورد ستان بۆ بەکارهێنان لە بواری (مەودای فریکوێنسی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان)، ئەم ڕێوشوێنانە پەیڕەو دەکات:-

١- مەودای فریکوێنسییەکە ، سامانێکی سروشتییە هاوشێوەی سامانە سروشتییەکانی تری ژێرزەوی و سەرزەوی و ناو ئاو، ئەم سامانە پێچەوانەی سامانە سروشتییەکانی تر، سنوورەکەی بۆ هەموو وڵاتان بە یەکسانی وەک یەک دیاری کراوە.

٢- هەر کۆمپانیایەکی پەخش یان میدیایەک کە ڕێگەی پێدرا فریکوێنسییەک بەکاربهێنێت، نابێتە خاوەنی فریکوێنسییەکە، بەڵکو کۆمپانیاکە یان میدیاکە بەکاربەری فریکوێنسییەکەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، بە هیچ شێوەیەك کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت. کاتێک دەرکەوت کە فریکوێنسییەکە لەلایەن کۆمپانیاکە یان میدیاکەوە بەکارناهێنرێت یان سوودی لێ نابینێت، لێی وەردەگیرێتەوە.

٣- (مەودای فریکوێنسی) وەکو هەر سامانێکی تری نیشتمانییە، لەپێناو بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی، دەخرێتە بواری وەبەرهێنانەوە.

٤- ئەم سیستەم و ڕێنماییانە دەبنە هاوکار و تەواوکەری کاری دامودەزگا یاساییە فیدراڵییەکان و یاساکانی حکومەتی فیدراڵی، بە تایبەتی دەستەی ڕاگەیاندن و کۆمۆنیکەیشنی نیشتیمانی (CMC).

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان (ITU) دەگرێت و هانی حکومەتی فیدراڵی دەدات کە واژوو لەسەر هەموو ئەو بڕیار و ڕاسپاردە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە بکات، کە تاوەکو ئێستا نەیکردووە.

٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی ئەو کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییانە دەدات کە کاری پەخشکردن ئاسان دەکەن، بە تایبەتی لە بواری کۆکردنەوەی هەموو ڕایەڵەکانی بیستراو و بینراو لە پەخشێکی هاوبەشدا (پەخشی چەپک)، بە مەرجێک ئاستێکی بەرز لە دەنگ و ڕەنگ پێشکەش بکەن و لە چوارچێوەی یاسادا مافەکانی لەبەرگرتنەوە (کۆپی ڕایت) بپارێزن.

٧- مەرج نییە هەر میدیایەك بەتەنیا خاوەنی یەك (فریکوێنسی)ی بێت، بەڵکو بەپێی پێویست ڕێکدەخرێت، بە جۆرێك لە هەندێك باردا چەند میدیایەك لە هەمان (فریکوێنسی) هاوبەش دەبن، بەڵام لە کاتی جیاجیادا.

٨- بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ئەو لەرەلەرانەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ کاری میدیای بیستراو و بینراو، ڕێگە پێدراون و بەکاردەهێندرێن ، لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ژمارە (٣٣١٤) لە ٢٠٢١/١١/٢٨، لە بەرپرسیارێتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەبێت و بۆ بەکارهێنانیان و بەمەبەستی مۆڵەتی بەکارهێنان لەلایەن میدیای بیستراو و بینراو نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دەکات بۆ ئاگاداربوون و ڕەزامەندییان

| Application | Frequency Range |
|---|---|
| AM Radio Band | (535-1650) KHz |
| FM Radio Band | (88-108) MHz |
| TV Band (CH.2-CH.4) VHFI | (47-68) MHz |
| TV Band (CH.2-CH.4) VHFIII | (174-230) MHz |
| TV Band (CH.21-CH.64) UHF | (470-822) MHz |

**ماددەی (٣):**

**یەکەم: بوارەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیستەم و ڕێنماییە:-**

١- ڕادیۆ (لۆکاڵی، سەتەلایت، ئێزگەکانی سەرلەنوێ پەخشکردنەوە).

٢- تەلەفزیۆن (لۆکاڵی، سەتەلایت، ئێزگەکانی سەرلەنوێ پەخشکردنەوە).

٣- تاوەر و ئێزگەکانی پەخشی هاوبەش و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

٤-پرۆتۆکۆڵی تەلەفزیۆنی لەڕێگەی ئینتەرنێت IPTV (Internet Protocol Television).

٥-پەخشی ئۆنلاینی کەناڵەکان لە ڕێگەی سایتە ئەلیکترۆنییەکان ( WebTV).

٦- کۆکردنەوەی هەواڵەکان لەڕێگەی سەتەلایت SNG (Satellite News Gathering).

٧- کۆمپانیاکانی بواری فرۆشتن و بەکرێدانی فریکوێنسی سەتەلایت.

٨- نووسینگەی ڕادیۆ و کەناڵە بیانی و عەرەبییەکان.

٩- پەخشی ڤیدیۆی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی جیهانی DVB-T(Digital Video Broadcasting Terrestrial).

١٠- دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندن.

**دووەم: ئەم ڕێنماییە، ئەم بوارانە ناگرێتەوە :**

١- ئەو فریکوێنسیانەی کە تایبەتن بە سیستەمەکانی پەیوەندیکردنی بێتەل لە بوارەکانی سەربازی و پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ.

٢- فریکوێنسییەکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی تاوەری چاودێریکردن لە فڕگە مەدەنی و کشتوکاڵی و سەربازییەکاندا.

٣- فریکوێنسییەکانی تایبەت بە پێدەرەکانی خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردن.

٤- فریکوێنسییەکانی تایبەت بە پێدەرەکانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت.

**ماددەی (٤): میکانیزم و مەرجەکانی مۆڵەت:**

**یەکەم:**

١- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەرپرسە لە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی میدیای بیستراو و بینراو و دەزگاکانی راگەیاندن و رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و دەستەی ژینگە، پەیوەندییان بەم کارەوە هەیە، بەم جۆرەیە :-

أ- وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی لەسەر خاوەنی میدیاییەکە.

ب- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئاگاداربوون و رەزامەندبوون لە دیاریکردنی فریکوێنسی و چاودێری تەکنیکی.

ج- دەستەی ژینگە بۆ ڕەزامەندییان لەسەر دانانی تاوەرەکان.

٢- خاوە نداری میدیا، کەس بێت یان لایەنی مەعنەوی، لە وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوان، فۆرمی داواکاری دامەزراندنی میدیای بیســـتراو و بینراو پڕدەکاتەوە، تیایدا بە ڕوونی و بە دروســـتی ئەو زانیارییانە تۆمار دەکات کە لە فۆرمەکەدا هاتووە (فۆرمی ژمارە ٢).

٣- پێویستە هەرسێ لایەنی پەیوەندیدار، کاتێك کە نووسراویان ئاراستە دەکرێت، لە لایەن وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوانەوە، بەپێی پەیوەنـدییـان، لە مـاوەی کەمتر لە ٩٠ ڕۆژ وەڵامی داواکـارییەکە بدەنەوە کە لە ڕێی وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوانەوە ئاراســتەیان دەکرێت، ئەگەر لەوماوەیە وەڵام نەدرایەوە، ئەوا بە ڕازیبوون هەژمار دەکرێت.

٤- ســـەرپەرشـــتیکردنی لایەنە تەکنیکییەکـانی پەخشـــکردن بە ڕێنمـاییەک لە بەشـــی (IT) لە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی ڕاگە یاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواســـتنەوە و گەیاندن دەردەچێت و دەدرێت بە هەموو کەناڵەکانی میدیای بیستراو و بینراو.

٥- مۆڵەتپێدان بۆماوەی یەک ســـاڵە و پێویســـتە لەکاتی خۆیدا نوێ بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە لایەنی میدیا ڕوبەرووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

٦- هەر میدیایەک دوای گەڕانەوەی لارینەبوونی وەزارەتی ناوخۆ، پێویســـتە لە ماوەی (١٨٠)ڕۆژدا دەست بە ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەت بکات.

٧- ئەگەر لەماوەی دیاریکراو خاوەنی میدیاکە ڕێکارەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی نەگرتەبەر، دەتوانێت داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بکات کە لەخاڵی شـــەشـــەم ئاماژەی پێکراوە. بۆیەکجار بۆماوەی (١٨٠) ڕۆژ، دوای ئەو ماوەیە لارینەبوونەکەی کاری پێناکرێت.

٨-لەکاتی لادان و ســـەرپێچیکردن لە بنەماکانی ئەم ڕێنماییە، میدیای ســـەرپێچیکار ، ڕووبەرووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

**دووەم: مەرجەکانی خاوەندارێتی**

مۆڵەتپێدان بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیســـتراو و بینراوی ناوخۆیی و جیهانی بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:-

١- تەمەنی خاوەنی میدیاکە لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- پێویســـتە خاوەنداری میدیاکە لە هەرێمی کوردســـتاندا (کەســـێتی یاســـایی) هەبێت، ئەگەر خاوەندارییەکە بۆ لایەنێکی مەعنەوی بوو، وەکو پارت و کیان و جووڵانەوە ســـیاســـییەکان و کۆمپانیا و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویســـتە ئەو لایەنانە مۆڵەتی یاســـایی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

٣- خاوەنی میدیاکە (کەس بێت یان لایەنی مەعنەوی)، ئەگەر خەڵکی بیانی بوو پێویســـتە بە لایەنی کەم بۆ یەک ساڵ بەڵگە و ڕێگەپێدانی مانەوەیان بە فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

٤- دوای وەرگرتنی مۆڵەت، بۆ ماوەی یەک ســاڵ گۆڕانکاری لە خاوەندارێتی میدیاکە و ناوی میدیاکە ناکرێت، دوای یەك ســاڵ، بۆ هەر گۆڕانکارییەك لە خاوەندارێتی میدیاکە پێویســتە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وەربگرێت.

٥- لە کاتی ڕاگرتنی پەخشی میدیای بیستراو و بینراوەکان ، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەمەش بە نووســراوێک کە ماوەی ڕاگرتنەکەی تێدا دیاری کرابێت، لە ماوەی ڕاگرتنی پەخشــەکە ئەو (فریکوێنســی)یەی پێیدراوە لێی وەردەگیرێتەوە، لە کاتی دەســت بە پەخشــکردنەوەی دووبارە مامەڵەی وەرگرتنەوەی (فریکوێنســی) بۆ دەکاتەوە، مەرج نییە هەمان لەرەلەر و فریکوێنسی پێشووتری پێ بدرێتەوە.

٦- پێویستە خاوەنی میدیاکە بە فەرمی سەرمایەکەی (بەشێوەی هەژماری بانکی) تۆمار بکات :

أ- بۆ کۆمپانیاکانی : بواری فرۆشــتن و بەکرێدانی فریکوێنســی ســەتەلایت، لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

ب- بۆ خاوەنی سەتەلایت لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێ.

ج- بۆ خاوەنی پەخشی سیستەمی (IPTV) (DVB-T ) لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

د- بۆ خاوەنی پەخشی چەپک لە (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

ه- بۆ خاوەنی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

و- بۆ خاوەنی ڕادیۆ لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

د- بۆ خاوەنی پەخشی ئۆنلاینی لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

٧- بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت.

٨- نابێت دوو دامەزراوەی ڕاگەیاندن هەمان ناو یان ناوەکانیان هەمان واتایان هەبێت، هەروەها نابێت هەڵگری هەمان ناوی میدیای تری جیهانی بێت، مەگەر نوو سراوی ڕەزامەندی یا سایی میدیا جیهانییەکەی هەبێت و لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پشتڕاست کرابێتەوە.

٩- دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، پێویستە خاوەنی میدیاکە لە وەزارەتی بازرگانی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، لۆگۆ و ناوی میدیاکە بە شێوەیەکی یاسایی تۆمار بکات.

١٠- لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی، پێویستە کۆمپانیاکە یان دەزگاکە یان خاوەنی میدیاکە ئەستۆ پاکی لە بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت بهێنێت و ســاڵانە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی پێویستە دووبارە ئەستۆ پاکی بهێنێتەوە.

١١- هەر خاوەن میدیایەکی بیســتراو و بینراو، دەســتبەرداری خاوەندارێتی بێت، ئەوا بۆ جارێکی تر ناتوانێت داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بکات، تاوەکو ماوەی دوو ساڵ بەسەر کاتەکەیدا تێپەڕ دەبێت.

١٢- بۆ خاوەندارییە بیانییەکان، پێویستە بە لایەنی کەم لە ٥٠% کارمەندانی میدیا و نووسینگەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بن.

١٣- مەرج نییە خاوەنی میدیاکە کەسێکی میدیاکار بێت، بەڵام پێویستە بەڕێوەبەرێک بۆ میدیاکەی دابمەزرێنێت، کە دەرچووی کۆلێژ یان پەیمانگای ڕاگەیاندن بێت، یان بە لایەنی کەم (١٠) ساڵ ئەزموونی لە بواری میدیادا هەبێت و پشتگیری لە دەزگایەکی باوەڕپێکراوەوە بهێنێت.

١٤- خاوەنی میدیاکە پێویستە ڕاوێژکارێکی یاسایی یان پارێزەرێک دەستنیشان بکات بۆ ڕاوێژی یاسایی و کاروباری یاسایی میدیاکەی.

١٥- خاوەنی میدیاکە، بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی فیلم و دراماکان و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە ڕاوێژکارێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و شارەزایەکی زمانەوانی دابمەزرێنێت.

١٦- خاوەنی میدیاکە پێویستە ئەندازیارێک دابمەزرێنێت، کە پسپۆڕی لە یەکێک لەم بوارانەدا هەبێت:- گەیاندن، کارەبا، ئەلیکترۆنیک. یاخود کەسانێک کە خاوەن ئەزموون بن و زیاتر لە خولێکی پرۆفیشناڵیان لەو بوارەدا بینیبێت و بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دواناوەندی بێت.

**سێیەم: مەرجەکانی کوالێتی ڕاگەیاندن و پەخشکردن:-**

**أ - لایەنی کوالێتی و ناوەرۆکی ڕاگەیاندن:-**

پێویستە میدیای بیستراو و بینراو ، پابەندبن بەمانەی خوارەوە :-

١- زیان نەگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی، لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- دوورکەوتنەوە لە تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و شیرازەی خێزان.

٣- پەخشنەکردنی ئەو بەرنامە و بڕگانەی کە هانی جیاکاری ڕەگەزی و توندڕەوی و دەمارگیری لە هەموو بوارەکانی ژیانی (ئایینی و تایفی و نەتەوەیی و ناوچەگەری) دەدەن.

٤- دوورکەوتنەوە لەو کارە میدیایانەی کە دەبنە هۆی قەیرانی ئابووری و شڵەژاندنی بازاڕە ناوخۆییەکان.

٥- پەنا نەبردنە بەر ناوزڕاندن و جنێودان و بێزارکردنی کەسەکان، یاخود لایەنە مەعنەوییەکان.

٦- بڵاونەکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بێ بنەما و دوور لە ڕاستی، بەبێ بوونی بەڵگە.

٧- بڵاونەکردنەوەی هیچ هەواڵێک کە پێشێلی ئازادیی کەسەکان بکات.

٨- پاراستنی زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان و پەیوەستبوون بە سەرچاوە و بنەما سەرەکییەکانی ئەم زمانانە و کارنەکردن بۆ شێواندنیان.

٩- پابەندبوون بە پێوەرەکانی ناوەڕۆکی میدیایی، کە لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری دەردەچێت ئەویش دوای بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان.

١٠- پابەندبوون بەو یاسا و ڕێسایانەی کە مافی هزری و داهێنان و (کۆپی ڕایت) دەپارێزن، بەتایبەتی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان).
١١- پابەندبوون بەو سیستەمەی کە نیشاندانی فیلم بەگوێرەی تەمەنەوە پۆلێن دەکات کە (١٢) و (١٦)ساڵییە، لە باری نەبوونی هیچ ئاماژەیەک بۆ تەمەن، مانای ئەوەیە کە فیلمەکە یان بەرنامەکە بۆ هەموو تەمەنەکان شیاوە.
١٢- پێویستە میدیای بیستراو و بینراو، ڕێکلامی هۆشیاریی نیشتمانی، ڕۆشنبیری، تەندروستی، هاتوچۆ، ژینگە و ئەو ڕێکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان، بێ بەرامبەر بڵاوبکەنەوە، لە (١) خولەک بۆ (٤) خولەك لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دەستەی ژینگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترەوە بۆیان ئاراستە دەکرێت.
١٣- لە کاتی کڕین و پەخشکردنی دراما بیانییەکان دەبێت بە فلتەری ڕاوێژکارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایی و میدیاییەکاندا تێپەڕ ببێت، ئەو درامایانەی کە جۆرێک لە هاندانی کوشتن و خۆکوشتن و ناپاکی هاوسەرگیری و هەڵخەڵەتاندنی تێدا دەبیندرێت، نەکڕدرێت و پەخش نەکرێت.
١٤- بڵاوکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت و فەرمانی نهێنی سەربازی و جووڵە سەربازییەکان، هەروەها نەخشەی قەڵا و پێگە لەشکرییەکان لەکاتی شەڕ یان ئاشتیدا قەدەغەیە.
١٥- بڵاوکردنەوەی دانیشتنە داخراوەکانی پەرلەمان و دانیشتنە نهێنیەکانی دادگاییکردن لە دادگاکان یان نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان یان لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە هەرێم، ئەگەر ڕەزامەندی بۆ وەرنەگیرابێت ، قەدەغەیە.
١٦- بڵاوکردنەوەی وتەی تۆمەتباران پێش دادگاییکردنیان و پێش بڕیاری دادگا ڕێگەپێدراو نییە.
١٧- میدیای بیستراو و بینراو مافی (ڕووماڵ و گواستنەوەی ڕاستەوخۆ)ی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتنی نییە.
١٨- میدیای بیستراو و بینراو بەهیچ جۆرێك مافی دواندنی کەسوکاری کوژراو یان خۆکوژی لە ناو پرسە یان لە کاتی بەخاك سپاردندا، نییە.
١٩- میدیای بیستراو و بینراو مافی ڕووماڵی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتنی نییە بەجۆرێك زیان بەدەروونی بینەر و وەرگر بگەیەنێت و ببێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی ، یان ببێتە هۆی چاولێکردن و لاساییکردنەوە.
٢٠- نابێ میدیای بیستراو و بینراو هیچ شتێکی نامۆ و زیانبەخش بە کولتوور و کۆمەڵی کوردەواری و کۆمەڵگەی کوردستانی بڵاوبکاتەوە.
٢١- پێویستە میدیای بیستراو و بینراو پابەند بن بە پێوەرە گشتییەکانی کاری (پەیامنێرانی ڕاگەیاندن لە بەرەکانی جەنگ).
٢٢- پێویستە میدیای بیستراو و بینراو پابەند بن بە ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی (بەرنامەی خێرخوازی).

**چوارەم : پێوەرە گشتییەکانی بەکارهێنانی کۆمێنت وخزمەتگوزاریی کورتەنامە (SMS) لە تەلەفزیۆن:-**

لە کاتی بەکارهێنانی کۆمێنت و خزمەتگوزاریی کورتە نامە ( SMS) لە ناو بڕگە و بەرنامە کانی تەلەفزیۆن، پێویستە ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکرێت:-

١- هیچ کۆمێنت و (SMS) ێک ڕاستەوخۆ دانانرێت، بەڵکو پێویستە پێشتر لەلایەن لایەنی بەرپرسی تایبەت بە کۆمێنت و (SMS) ی تەلەفزیۆنەکەوە بخوێندرێتەوەو دواتر دابنرێت.

٢- بەهیچ جۆرێک کۆمێنت و (SMS) ێک دانانرێت کە جنێو یان قسەی ناشیرین و دوور لە نەریتی گشتی، یاخود هانی توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی بدات.

٣- بەهیچ جۆرێک لە دووتوێی کۆمێنت و نامەکانی (SMS) دا، بۆ مەبەستی یەکترناسین، ژمارەی تەلەفۆنی هیچ کەسێك بڵاوناکرێتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە بۆ ڕێکلام و بانگەشەی بازرگانین.

٤- پێویستە تەنها یەک شریتی ئەلیکترۆنی بۆ کۆمێنت و (SMS) لە سکرینەکەدا هەبێت، جگە لەو تەلەفزیۆنانەی کە وێنەی جووڵاویان نییە.

تێبینی:- پێویستە کە ناڵە کان پابە ندبن بە پۆلێنکردنی بەرنامە و فیلمە نیشا ندراوە کانیان، بە سوودوەرگرتن لەو پۆلێنکردنەی کە ئەنجوومەنی بەریتانی بۆ پۆلێنکردنی فیلم ( British Board of Film Classification (BBFC) بەپێی تەمەنی تەماشاکاران دیاری کردووە، هەروەها پێویستە لەسەر کەناڵەکان ئەو فیلمانەی کە بۆ بینەرانی تەمەنی سەرووی (١٦)ساڵییەوەیە دوای کاتژمێر (١٠)ی شەو نیشان بدرێن و دووبارەکردنەوەکەی نەکەوێتە کاتی بەیانیان یان دوای نیوەڕۆ و ئێواران.

بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت ئەو فیلمانەی کە پۆڕنۆگرافین یاخود توندوتیژی لە ڕادەبەدەریان تێدایە و دەکەونە خانەی (+١٦ یاخود +١٨) لە شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان و لۆکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان نیشان بدرێن.

**پێنجەم : پابەندییەکانی کۆمپانیاکانی پەخشکردن :-**

١- کۆمپانیاکانی پەخش بە گرێبە ستێک لەگەڵ وەزارەتی ڕۆ شنبیری و لاوان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە) پابەند دەکرێن، ساڵانە گرێبەستەکەیان نوێ بکەنەوە.

٢- کۆمپانیاکانی پەخش پابەندی جێبەجێکردنی ئەو فەرمان و نووسراوانە دەبن، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە ئاڕاستەیان دەکرێت.

٣- پەخشنەکردنی هیچ میدیایەکی بیستراو و بینراو بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

٤- فریکوێنسی دەدرێت بە کۆمپانیا کانی پەخش بەپێی پێویستی و ژمارەی ئەو کە ناڵانەی کە پەخشیان بۆ دەکات، پێدانی فریکوێنسی بە کۆمپانیاکان تەنیا بۆ پەخشکردنی کەناڵە ناوخۆییە کانە، ڕێگەی پێ نادرێت کە ناڵە جیهانییە کان پەخش بکات، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامە ندی کەناڵە جیهانییەکە.

٥- هەر کەناڵێک کە مۆڵەت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەردەگرێت، دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی مۆڵەت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندنەوە نوسـراوێك ئاراسـتەی کۆمپانیاکانی پەخش دەکرێت و لەسەر کۆمپانیاکانی پەخش پێویستە پەخشی بۆ بکرێت.

٦- کۆمپانیاکانی پەخش دەبێت مۆنیتەرینگی ئەو کەناڵ و ڕادیۆیانە بکەن، کە پەخشـیان بۆ دەکەن، بۆ ماوەی (٣٠ ) سی ڕۆژ.

٧- کۆمپانیاکانی پەخش بۆیان نییە بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوان گرێبەسـت لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی تر بکەن، بەمەبەستی پێدانی پەخشی کەناڵەکان لە ڕێگەی سیستەمی (IPTV) یان هەر سیستەمێکی تر.

٨- نابێ هیچ برە پارەیەک لە بەرامبەر پەخشـکردن لە کەناڵەکان وەربگیرێت هەروەها پێویسـتە کۆمپانیاکانی پەخش رەزامەندی کەناڵەکان وەربگرن بۆ پەخشکردنەوەیان.

٩- کۆمپانیاکانی پەخش لە کاتی گۆڕین و خسـتنە بازاڕی ئامێری نوێ، ئەو ئامێرانەی کە پێشـتر کۆمپانیاکە بە بەشداربووانیان فرۆشتووە دەبێ بەبێ بەرامبەر بگۆڕن بە ئامێرە نوێیەکان و کارتی بەشداریکردنیش بەو نرخە دەبێت کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان رەزامەندی لەسەر دەدرێت.

**شەشەم: ڕێوشوێنەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندن:-**

١- خوازیاری مۆڵەت داواکارییەك پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە دەکات ناوی دەزگاکە و شوێنی کارکردنی تێدا دیاری دەکات.

٢- خوازیاری مۆڵەت لەگەڵ داواکەیدا پێڕەو و پرۆگرامی دەزگاکەی پێشکەش دەکات.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشـتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە داواکارییەکە ئاراسـتەی وەزارەتی رۆشـنبیری و لاوان دەکات، وەزیری رۆشـنبیری و لاوان بۆی هەیە ڕەزامەندی دەزگاکانی پەیوەندار لەبارەیەوە وەربگرێت، یان داواکاریەکە رەتبکاتەوە.

٤- ئەگەر شـوێنی دەزگاکە مولکی داواکار نەبێت ، دەبێت گرێبەسـتی واژۆکراو پێشـکەش بکات ، بۆ شوێنی کارەکەی.

٥- مۆڵەتی دەزگـاکە بۆ یەك سـاڵە و دەبێـت سـاڵانە نوێ بکرێتەوە بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٦- خوازیاری مۆڵەت دەبێ ناو و لۆگۆی دەزگاکەی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تۆماربکات.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشـتی راگەیـاندن و چـاپ و بڵاوکردنەوە بەڵێنـامەیەك لە خـاوەنی دەزگاکە وەردەگرێت کە تێیدا پابەندبوونی خۆی بە یاسا و رێنماییەکانی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنێ.

٨- ئەگەر خوازیاری مۆڵەت لەماوەی شەش مانگ لە رۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەی دەست بەکار نەبێت ، ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٩- مۆڵەتی دەزگـای راگەیـانـدن بریتی نییە لە مۆڵەتی میـدیـای بینراو و بیسـتراو بەڵکو لەکـاتی دامەزراندنی میدیای بینراو و بیسـتراو دەبێت رێکارەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی بیسـتراو و بینراو بگرێتەبەر.

**حەوتەم:**

**أ- ڕێوشوێنەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی چەپک:-**

١- وەرگرتنی لارینەبوونی وەزارەتی ناوخۆ بۆ پەخشی چەپک.

٢- ژمارەی کەناڵەکانی نابێت لە (٣) سێ کەناڵ کەمتر بێت و لە (٦) شەش کەناڵ زیاتر بێت.

٣- پێویستە کەناڵەکانی نێو چەپکەکە یەک خاوەنیان هەبێت.

٤- نابێ بە ناوی جیاواز و خاوەندارێتی جیاواز داوای مۆڵەتی چەپک بکرێت.

**ب- کوالێتی گەیاندن :** پێویستە میدیاکانی بیستراو و بینراو پابەندبن بەم خاڵانە:-

١- پاوەری پەخشکردن بەپێی ڕەزامەندی و ڕێنماییەکانی بەشی (IT) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەبێت.

٢- تاوەرەکانی پەخشکردن بەپێی ئەو ستانداردە دەبێت کە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و دەستەی ژینگە دیاریکراوە.

٣- پێویستە ئامێرەکانی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ستاندارد بێت، بەپێی ڕێنمایی و ڕەزامەندی بەشی ئای تی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

٤- پێویستە ئامێرەکانی پەخشکردن فلتەریان هەبێت و سیستەمی فلتەرکردنیان کارا بکرێت، کە بەپێی ڕێنماییە کانی بەشی (IT) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ڕێکدەخرێت.

٥- هەموو میدیاکان پێویستە پابەندبن بەو فریکوێنسی و لەرەلەرانەی کە لەلایەن بە شی ئای تی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە بۆیان دیاری دەکرێت.

٦- پێویستە لەسەر هەموو میدیاکان ئاستێکی بەرز لە گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ پێشکەش بکەن.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم: مۆنیتەرینگ**

أ- **مۆنیتەرینگ بۆ لایەنی ناوەڕۆکی میدیایی** : (مۆنیتەرینگ) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ وبڵاوکردنەوەی دەبێت، ئەرکی ئەم بەشە چاودێری کردن وتۆمارکردنی سەرپێچییەکانی میدیا بیستراو و بینراو وکۆمپانیاکانی پەخشکردنی میدیاییە.لەکاتی بوونی سکاڵادا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لەکەسانی پرۆفیشناڵ بڕیار لەسەر سەرپێچیکردنەکان دەدرێت، جگە لەوە، لیژنەکە پشت بەو ڕاپۆرتانە دەبەستێت کە لەلایەن (پەرلەمانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دامەزراوە فەرمی وئەکادیمییە کانی تایبەتمەند بەڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەرییەوە ئاراستەیان دەکرێت.کاری بە شی مۆنیتەرینگ و لیژنەکە تەنها چاودێریکردنی ئەو شازدە خاڵەیە، کە لە (ماددەی سێیەم/ بڕگەی سێیەم)دا هاتووەو بەشەکە هاوکار و تەواوکەری بەشی یاساییە.

ب- **مۆنیتەرینگ بۆ لایەنی تەکنیکی پەخش و گەیاندن**: لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەنوسراوی فەرمی ئاگاداری مۆڵەت پێدراوەکان دەکرێن لە کاتی بوونی هەر سەرپێچیەك لە رووی تەکنیکیەوە وێنەیەك دەدرێتە وەزارەتی رۆشنبیریّ و لاوان بەمەبەستی زانین و ئاگاداربوون .

ج- **مۆنیتەرینگ لە خودی کەناڵەکە**:لەسەر هەموو میدیا بیستراو و بینراوەکان پێویستە ئامێری مۆنیتەرینگیان هەبێت، بۆ هەڵگرتنی ئەو برگە و بەرنامە و بابەتانەی کە پەخشی دەکەن بۆ ماوەی (٩٠) رۆژ.

**دووەم: لیژنەی هاوبەش**

لیژنەیەکی هاوبەشی مەیدانی لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و هەر سێ وەزارەتی ناوخۆ و گواستنەوەو گەیاندن و دەستەی ژینگە پێک دەهێنرێت، بۆ بەسەرکردنەوەی ئێزگەکانی پەخشی دەنگ و رەنگ، لە کاتی کتوپڕدا پێویستە ئەندازیارێکی گەیاندن یان ئەلیکترۆنیک ئەندام بێت لە لیژنەکە ، کۆبونەوەی دەوری هەبێت و راپۆرت پێشکەش بکەن.

**ماددەی (٦): سەرپێچیکردن**

لە کاتی سەرپێچیکردندا میدیا بیستراو و بینراوەکان رووبەرووی لێپرسینەوەی یا سایی دەبنەوە، کە قورسترینیان ڕاگرتنی پەخشی ئاساییە بەشێوەیەکی کاتی، لێپرسینەوە یاساییەکە بەپێی جۆری سەرپێچییەکان دەگۆڕێت، سەرپێچییەکان دوو جۆرن:-

**یەکەم: سەرپێچییە تەکنیکییەکانی پەخشکردن**

سەرپێچییەکان لەبەر رۆشنایی ڕاپۆرتی (بەشی مۆنیتەرینگ) دیاری دەکرێت و ڕاستەوخۆ ئاراستەی خاوەنی میدیاکە دەکرێت، ئینجا پێویستە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر لە ئاگادارکردنەوەیان، سەرپێچییەکەیان بوەستێندرێت و ڕاست بکرێتەوە.

**١- سەرپێچییەکان ئەم بوارانەی پەخش دەگرنەوە:-**

أ- نەبوون و دانەنانی فلتەر یاخود کارانەکردنی (پێویستە بەگوێرەی ستاندارد بێت و لەلایەن لایەنێکی فەرمی تیون کرابێت و بڕوانامەی هەبێت کە بەگوێرەی ستاندارد کاردەکات).

ب-پەخش نەکردن لەو فریکوێنس و باند و شەپۆڵانەی کە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە ڕێگەی پێنەدراوە.

ج-بوونی ئامێری پەخشکردنی ناستاندارد.

د- پەخشکردن بە پاوەری زیاتر لەوەی کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ڕێگەی پێداوە.

ه- بوونی تاوەری نایاسایی و تاوەری ناستاندارد.

و- دروستکردنی ژاوەژاو (تشويش) بۆ سیستەمی گەیاندنی تر.

ز- بوونی هارمۆنیك یاخود (چەندجارەی لەرەلەر).

**٢- لێپرسینەوەی یاسایی بۆ ڕادیۆ سەرپێچیکارەکان :** لێپرسینەوەی یاسایی و چەند بارەبوونەوەی سەرپێچییەکان بەم شێوەیە دەستپێدەکات و هەڵدەکشێت :-

أ- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ڕادیۆ بۆ یەکەمجار: ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ب- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ڕادیۆ بۆ دووەمجار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی ڕادیۆکە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ج- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ڕادیۆ بۆ سێیەم جار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی ڕادیۆکە بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر.

د- کارا نەکردنی فلتەر بۆ ڕادیۆ بۆ چوارەم جار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی ڕادیۆکە بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێژ و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر.

لەباری چەندبارە بوونەوەی سەرپێچی، لێپرسینەوەی یاسایی، بەپێی پێوەرەکانی پێشوو هەڵدەکشێت.

**٣- لێپرسینەوەی یاسایی بۆ تەلەفزیۆنە سەرپێچیکەرەکان :** لێپرسینەوەی یاسایی و چەندبارەبوونەوەی سەرپێچییەکان بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و هەڵدەکشێت:

أ- کارانەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی تەلەفزیۆن بۆ یەکەم جار: ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە بۆماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ب- کارانەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی تەلەفزیۆنی بۆ دووەم جار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر، ئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ج- کارانەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی تەلەفزیۆنی بۆ سێیەم جار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر وئاگادارکردنەوەیان بەچارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

د- کارانەکردنی فلتەر بۆ ئامێری پەخشکردنی تەلەفزیۆن بۆ چوارەمین جار: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر.

لە باری چەندبارەبوونەوەی سەرپێچی، لێپرسینەوەی یاسایی بەپێی پێوەری پێشوو، هەڵدەکشێت.

لێپرسینەوەی یاسایی لە پەخشکردن بە پاوەری زیاتر، هەر تەلەفزیۆنێک یان ڕادیۆیەک لەو پاوەرەی کە ڕێگەپێدراوە زیاتر پەخش بکات، ئەوا:

ه- بۆ یەکەمین جار، ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا چارەسەری سەرپێچییەکەیان بکەن.

و- بۆ دووەمین جار، (٤٨) کاتژمێر پەخشی ئاسایی دادەخرێت و ئاگادارکردنەوەیان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ی- بۆ سـێیەمین جـار، (٧٢) کـاتژمێر پەخشــی ئـاســـایی دادەخرێـت و ئـاگـادارکردنەوەیـان بە چارەسەرکردنی سەرپێچییەکە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر.

ز- لە باری چەندبارەبوونەوەی ســەرپێچی، ســزای داخســتنی کاتی بۆ بەرنامە ئاســاییەکان بەپێی پێوەری سەرەوە هەڵدەکشێت.

**٤- لێپرسـینەوەی یاسـایی لە پەخشـکردنی بێ مۆڵەت** :لە باری پەخشـکردنی بێ مۆڵەتی یاسـایی، دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پەخشەکەیان ڕادەگیرێت و دەست بەسەر کەلوپەل و ئامێرەکانیاندا دەگیرێت.

ئەم ڕێکارە یاسـاییانە لەسـەر کۆمپانیاکانی پەخش و نووسـینگەکانی میدیای بیسـتراو و بینراوی بیانی و بێ مۆڵەت بە هەمان پێوەر جێبەجێ دەکرێت.

**٥- لێپرسـینەوە یاسـایی لە نوێنەکردنەوەی مۆڵەتی سـاڵانە** : لە باری نوێنەکردنەوەی مۆڵەت، میدیا بیســتراو و بینراوەکان هیچ مامەڵەیەکی یاســایی و کارگێڕییان بۆ ناکرێت، تاوەکو مۆڵەتەکەیان نوێ نەکەنەوە.

**دووەم: سەرپێچییەکانی بواری ڕاگەیاندن**

ئەم سەرپێچییانە زیاتر پەیوەستن بە (ماددەی سێیەم/ بڕگەی سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە.

سەرپێچییەکان لە لایەن چەند لایەنێکی فەرمییەوە دیاری دەکرێن، بەم شێوەیە:-

أ- ڕاستەخۆ لە لایەن بەشی مۆنیتەرینگ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

ب - دەسەڵاتی دادوەری، لەکاتی یەکلابوونەوەی کێشە و سکاڵاکان لە دادگادا.

ج- لەسـەر فەرمانی داواکاری گشـتی لە هەرێمی کوردسـتان لەسـەر بنەمای ئەم ڕێنماییە و ئەحکامە گشتییەکانی تری وڵات.

د- لەســەر داوای فەرمانگەی میدیا و زانیاری و لایەنە پەیوەندارەکان لە پێدانی مۆلەت بە گوێرەی پەیوەندیداریان.

ه- لەسەر داوای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوان فەرمان دەردەکات بە جێبەجێکردنی ڕێوشـوێنی یاسـایی بەرامبەر بە میدیا سەرپێچیکارەکان، بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ جۆری سەرپێچییەکە، بە دوو شێوە:-

**سەرپێچی (أ)**: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆماوەی یەک هەفتە بۆ ئەو میدیایانەی کە بە پێچەوانەی (ماددەی (٤)/ سێیەم/ خاڵەکانی ١, ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٢) کاریان کردووە.

**سەرپێچی (ب)**: ڕاگرتنی پەخشی ئاسایی بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر بۆ ئەو میدیایانەی کە بە پێچەوانەی (ماددەی (٤)/ سێیەم/ خاڵەکانی ٦-٧-٨-٩-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦) کاریان کردووە.

**سەرپێچی (ج):**

لە کاتی پابەندنەبوون و بەردەوامبوون لەسەر سەرپێچییەکان، ڕاگرتنەکە چەند بارە دەبێتەوە، ئەگەر لە ماوەی (٢) دوو ساڵدا (٥) پێنج سەرپێچی هەبوو دەخرێتە لیستی ڕەشەوە (Black List).

ئەو کەناڵانەی کە ناویان دەکەوێتە ناو (لیستی رەش) ەوە هیچ هاوکاری و پاڵپشتی و پشتگیرییەك ناکرێن لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ ماوەی یەك ساڵ ، وە بەلیستێك هەموو سەری ساڵێك ناوی هەموو ئەو میدیا بیستراو و بینراوانە رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت .

دوای خستنە (لیستی رەش)ەوە ئەنجومەنی وەزیران گشتاندن بۆ هەموو وەزارەتەکان بکات تاوەکو هیچ مامەڵەیەك لەگەڵ ئەو کەناڵانە نەکات بۆ یەك ساڵ .

و- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی پەخش و میدیا، سەرپێچیکارەکان لە جیاتی پەخشی ئاسایی، بە درێژایی ئەو ماوەیە بە چاپکراوی و بە روونی لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکە یا ندا فەرمانی وەستاندنەکە پەخش بکەن، کە تیایدا بە ڕوونی ئاماژەی بە ماوەی وەستانی پەخشی ئاسایی و هۆکاری وەستاندن و سەرپێچییەکەیان کرابێت.

**ماددەی (٧): ڕسووماتی مۆڵەت و نوێکردنەوەی ساڵانە**

**یەکەم:**

١- **ڕسووماتی مۆڵەتی ڕادیۆ:** سەرتاسەری (زیاتر لە پارێزگایەک): (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی، نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١) ئەم بڕەیە. ناوچەیی (لە پارێزگایەک): (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی، نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١) ئەم بڕەیە.

٢- **ڕسووماتی مۆڵەتی سەرلەنوێ پەخشکردنەوەی ڕادیۆ عێراقی و جیهانییەکان:** پەخشکردنەوەی سەرتاسەری (زیاتر لە پارێزگایەک): (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی، نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١) ئەم بڕەیە. پەخشکردنەوەی ناوچەیی (لە پارێزگایەک): (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی، نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

**دووەم: ڕسووماتی مۆڵەتی تەلەفزیۆن:**

١- ڕسووماتی مۆڵەتی تەلەفزیونی لۆکاڵی (DVB-T)

٢- سەرتاسەری (زیاتر لە پارێزگایەک): (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٣- ناوچەیی (پارێزگایەک): (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقیە ونوێکردنەوەی ساڵانەی ٤/١ی ئەم بڕەیە.

٤- ڕسووماتی مۆڵەتی سەتەلایت: (٤٠,٠٠٠,٠٠٠) چل ملیۆن دیناری عێراقییە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٥- ڕسووماتی دەرهێنانی مۆڵەتی سەرلەنوێ پەخشکردنەوەی تەلەفزیۆنە عەرەبی و جیهانییەکان: (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزدە ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٦- ڕسووماتی مۆڵەتی چەپک: (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٧- ڕســوومـاتی مۆڵەتی کەنـاڵی ئۆنلاین: (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینـاری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی ٤/١ی ئەم بڕەیە.

٨- ڕسـووماتی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی پەخشــی IPTV) ): (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیســت ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەشی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٩- ڕسـووماتی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی پەخشـی (DVB-T): (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیسـت ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

١٠- ڕسـووماتی سـاڵانەی بەکارهێنانی فریکوێنسـی لەلایەن کەناڵ و کۆمپانیاکانی پەخشـی (DVB-T) بەپێی گرێبەستێك دەبێت کە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان دیاری دەکرێت.

١١- ڕســوو ماتی ســاڵانەی بە کارهێنانی لەرەلەر لەلایەن ڕادیۆ و کۆمپانیا کانی پەخشـــی (ڕادیۆی دیجیتاڵی) بۆ هەر لەرەلەرێک بەپێی گرێبەستێك دەبێت کە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ لە وەزارەتی ڕۆشنیری و لاوان دیاری دەکرێت.

١٢- ڕ سووماتی کۆمپانیاکانی پەخ شی ڕادیۆی دیجیتاڵی: (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیـ ست ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

١٣- ڕسـووماتی کۆمپانیاکانی بواری فرۆشـتن و بەکرێدانی فریکوینسـی سـەتەلایت : (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

**سێیەم: باجی کارکردنی نووسینگە جیهانییەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵ :**

١- ڕسـووماتی کردنەوەی نووسـینگەی میدیا بیسـتراو و بینراوەکانی جیهانی لە هەرێمی کوردسـتان: (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقیە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

٢- ڕسـووماتی کردنەوەی نووسـینگەی ئاژانسـە جیهانییەکانی هەواڵ سـاڵانەیە و بڕەکەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار عێراقیە.

٣- ڕسـووماتی دامەزراندنی ئاژانسـە ناوخۆییەکانی هەواڵ سـاڵانەیە و بڕەکەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقیە.

**چوارەم: ڕسووماتی مۆڵەتی SNGی جووڵاو و جێگیر:**

ڕســوو ماتی مۆڵەتی بە کارهێنانی ئامێری SNG جووڵاو: (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دیـناری عێراقییە و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٤/١)ی ئەم بڕەیە.

**پێنجەم:**

١- ڕسووماتی مۆڵەتی دەزگاکانی رۆ شنبیری و راگەیاندن: ڕسووماتی مۆڵەتی دەزگاکانی رۆ شنبیری و راگەیاندن : (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە.

٢- ڕسووماتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندن: (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینارە.

**شەشەم:**

١- ڕسـووماتی گۆڕینی ناوی میدیا بیسـتراو و بینراوەکان : (٢٥٠,٠٠٠) دووسـەد و پەنجا هەزار دیناری عیراقییە.

٢- لە کاتی سـەرپێچی لە خاڵەکانی برگەی سـێیەمی ماددەی سـێیەم ڕسـوماتی میدیای بیسـتراو و بینراو و کۆمپانیاکانی پەخش بۆ هەر سەرپێچیەك (١%) لەسەدا یەك زیاد دەبێت.

**حەوتەم:**

ڕســوو ماتی گۆڕینی خاوە ندارێەتی مید یا بیســتراو و بینراوە کان دوای وەرگرتنی لارینەبوونی وەزارەتی ناوخۆ : (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقیە.

**ماددەی (٨):**

لە کاتی درو ستبوونی کێشە و گرفتەکان و پەنابردنە بەر یا سا و دە سەڵاتی دادوەری، ئەم سیستەم و ڕێنماییە هاوشـان لەگەڵ یاسـای کاری ڕۆژنامەنووسـی لە هەرێمی کوردسـتان و یاسـای مافی دانەرو مافە هاوسـێکانی و ئەحکامەکانی تری گشـتی، دەبنە پێوەرێک بۆ بڕیاردان لەو پرسـانەی کە دەچێتە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری.

## بەشی دووەم
## ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی

**ماددەی (٩): ئەم ڕێنماییە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان ناگرێتەوە، بەشێوەیەک کە:**

١- دەزگای میدیایی کە هەواڵ و زانیاری لە ڕێگەی نووســین دەگوازێتەوە و ئەدرێس و ناونیشــانی ئاشکرای هەیە.

٢- ڕۆژنامەنووس، ئەو کە سەیە پیشەی ڕۆژنامە نوو سییە و کاری ڕۆژنامەنوو سی دەکات، گرێبە ستی ڕۆژ نامەنووســی لەگەڵ دەز گایەکی ڕۆژ نامەی ئۆنلاینی (مید یایی ئەلیکترۆنیدا) هەیە. ژیان و گوزەران و خانەنیشینی لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا مسۆگەر دەکات.

٣- میدیای ئەلیکترۆنی، پێگە و بلۆگ و پۆڕتاڵ و پەیج و هەر شـێوازێکی دیکەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و شیکاری دەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی پیشەی ڕۆژنامەنووسیدایە.

**ماددەی (١٠): بوار و ڕایەڵەکانی ئەم ڕێنماییە**

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و گەیشتن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ، لەسەر ئاستی جیهانیدا، بوارێکی دیکەی جیاواز لە کاری مید یایی و ڕۆژ نامەنووســـی دروســتکردووە، کە تاک دەتوانێت پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە بکات و هەموو بابەت و فیلم و ڤیدیۆ و کارێکی هونەری و دەرخستنی داهێنان و توانای کەسی بڵاوبکاتەوە. ئەم ڕێنماییە ئەمانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی:-

١- بەردەستبوونی ئینتەرنێت.

٢- هەموو جۆرەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل و تابلێت و ئامێرێکی زیرەکی بەردەست.

٣- ئاپ و پرۆگرامەکانی بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆ و تۆمارکراو (پەیج و پۆرتاڵ و گرووپی ناو ئەپەکانی پەیوەندی و پۆرتاڵی میدیای ئەلیکترۆنی، وێب تی ڤییەکانیان و جۆرەکانی دیکەی هەنووکەیی و داهاتوو لەم بوارەدا).

٤- ئازادی ڕادەربڕین بە هەر شێوازێک کە بۆتە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ و لە هەرێمی کوردستاندا مسۆگەرە.

**ماددەی (١١): لایەنەکانی جێبەجێکردن:**

١- لایەنەکانی هاوکار لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییەدا، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و کۆمپانیاکانی پێدەری ئینتەرنێت و مۆبایل و کۆمپانیای دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (ISP) لە هەرێمی کوردستان، بەرپرسی یەکەم دەبن لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

٢- بۆردێك لە نوێنەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە دروست دەکرێت ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەرپەرشتی ئەم بۆردە دەکات.

٣- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بڕیاری کۆتایی لەسەر هەر ڕێکارێك دەدات، کە بەپێی ئەم ڕێنماییە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەدواداچوونی هەیە.

**ماددەی (١٢): قەدەغەکراوەکان**

قەدەغەکراوەکانی بڵاوکردنەوە لە سۆشیال میدیا و سەرجەم هۆیەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی بە وەرگر ئازادیی بیروڕا و بڵاوکردنەوە مسۆگەرە جگە لەم بابەتانە:

١- هەر بابەتێک هاندانی تێدا بێت بۆ دووبەرەکینانەوە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بە تایبەتی لە ڕووی نەژادی، نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزیی یان هەر بوارێکی تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە.

٢- پەخشنەکردن و بڵاونەکردنەوەی ئەو بابەت و وێنانەی هانی کرداری توندوتیژی و تیرۆریستی و تاوان و تاوانکاری دەدەن، یاخود زەمینە سازی بۆ تاوانکارییەکان دەڕەخسێنن، یان سووکایەتی بە کەس و بە ئاین و ئایینزا و مەزهەبەکان و سیمبوولی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت.

٣- بڵاوکردنەوەی ئەو باس و بابە تانەی دەبنە هۆکاری تێکدانی کولتوورو داب و نەریت و ئادابی گشتی کۆمەڵگە، کە لە یاسا بەرکارەکان دیاریکراون، بەدەر لەوە (هەموو شێوازەکانی دەربڕین، لە چوارچێوەی ئازادی و دیموکراسیدا مسۆگەرە).

٤- وەرگرتن لە ناوەڕۆکی باس و بڵاوکراوەکان، بە جۆرێک، کە بە ئەنقەســت و بە مەبەســتی تایبەت بەشــێک یان تەواوی بەرهەم و نووســراوی کەســانی تر بکرێتە موڵکی خۆت، یان کەســانی تر، تەنانەت ئەگەر بە وەرگێڕان یا گواستنەوە بێت، کە لە سەرچاوەی ناوخۆ یان دەرەکی وەرگیرا بێت.

٥- بڵاوکردنەوە و کۆپیکردنی دەنگ و فیلم و وێنە و نامەی تایبەتی، یان هەر دۆکیۆمێنتێکی تر کە کەسێک دەیداتە دەزگایەک وەک ئەرشیف بۆ پاراستن و چاککردن و لێکۆڵینەوە و پێشخستن.

٦- بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی (هەموو شــێوازەکانی پۆڕن) بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە، یان ئەو بابەت و شێوازانەی ئامانجی وروژاندنی سێکسی تێدایە.

٧- بڵاوکردنەوە و پەخشی هەر بابەتێک بەبێ ڕەزامەندی خاوەن مافی بەرهەم (نووسەر، وێنە، دەنگ، میوزیک، نەخشە، بەرنامەی ئەلیکترۆنی، کۆپیکردنی CD، فیلم، کاسێت و...هتد.).

٨- بڵاوکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت و فەرمانی نهێنی ســەربازی و نهێنییەکانی لەشــکر و جووڵەی سەربازی، هەروەها نەخشەی قەڵا و پێگە لەشکرییەکان لە کاتی شەڕ یان ئاشتیدا بێت قەدەغەیە.

٩- بڵاوکردنەوەی دانیشــتنە نائاشــکراکانی دادگایکردن لە دادگاکان، یان نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان یان لێکۆڵینەوەکانی ســەرچاوەی ئاســایش لە هەرێم، یاخود بڵاوکردنەوەی دانیشــتنە داخراوەکانی پەرلەمان، ئەگەر ڕەزامەندی بۆ وەرنەگیرابێت.

١٠-بڵاوکردنەوەی هەر بابەت و دەنگۆیەک کە کەسێك لەکەدار دەکات یان نهێنی ژیانی کەسێك ئاشکرا دەکات، هەرچەندە ڕاست بن، تەنها لە ڕێگەی دادگاوە ڕەزامەندی بۆ وەردەگیرێت.

١١-بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی بەرژەوەندییەکانی گشــتی دەخەنە مەترســی، هاوشــێوەی گومان لە ئازادی بیروڕا و سیاسەتی ئابووری و ئاسایشی نیشتمانی و هەر بەرژەوەندییەکی دیکەی گشتی هاوڵاتیانی کوردستان.

١٢- ئاشــکراکردنی نامە، تەلەگرام یا ئەو جۆرە دۆکیۆمێنتانەی لەلایەن ئۆرگانەکانی حکومەتەوە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی گشتی نییە.

١٣- هەر بابەتێک ناوزڕاندنی کەس و ســیمبولی نیشــتمانی لێ بکەوێتەوە، بە ڕاســتەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لە سەرچاوەی ناوخۆیی پشتڕاست کرابێتەوە یان هەر هۆیەکی میدیایی دەرەکی بڵاوکرابێتەوە.

١٤- هەموو جۆرێکی بازرگانی نادروســت و ڕێکلامی هەڵخەڵەتێنەر (فریودانی بازرگانی)، کە یاســای ڕێکلام چارەسەری نەکردووە، بە تایبەتی لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی.

١٥- هەموو ئەو خاڵانەی بە ســەرپێچی و تاوان ئەژمار دەکرێن، لە یاســاکانی (ڕۆژنامەگەری، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، ڕێکلامی بازرگانی، مافی بەدەستهێنانی زانیاری..هتد).

**ماددەی (١٣): ڕێکارە یاساییەکان**

١- هۆشداری یان ئاگادارکردنەوەی ڕاستەوخۆ بە لایەنی سەرپێچیکار، لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بێت یان ئەدرێسێکی زانراو.

٢- ڕاگرتنی ئامرازی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی، پەیجی تۆڕی کۆمەڵایەتی و پۆرتاڵ و گروپ و بلۆگەر بێت، یان ناوی خواستراو یاخود گروپی ئەلیکترۆنی لەسەر جۆر و شێوازێکی ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی.

٣- جوڵاندنی یان هاوکاریکردنی دادگا لەسەر دۆسیەی تاوان لە دژی شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی (بواری میدیا و ڕۆژنامەنووسی ناگرێتەوە - ماددەی ٩).

**ماددەی (١٤): مافی هاووڵاتی**

١- هەر هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات بێت، مافی داوای یاسایی لەسەر پێشێلکردنی مافی کەسیی خۆی یان تەواوی خێزانەکەی هەیە، بەپێی ئەم ڕێنماییە ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، ڕێکاری پێویست دەگرێتەبەر.

٢- سەرجەم هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە کە چاودێر بن بەسەر تۆڕی میدیای ئەلیکترۆنی و هۆکارەکانی دیکە، بۆ پاراستنی کولتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی گشتی لە وڵاتدا.

٣- هەموو هاووڵاتیان مافی تۆماری (کەیس)یان لە دادگا بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها لە هەمان کاتدا مافی مەدەنیان دەبێت.

## بەشی سێیەم
## ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە)، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی (شارەوانی و گەشتوگوزار، بازرگانی و پیشەسازی) لایەنی جێبەجێکاری ئەم ڕێنماییەن.

**دووەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی سێ کەسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ڕێکلامەکان، بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٣)ی (ڕێگەپێنەدراوەکان) و خاڵی دووەم لە ماددەی (٤)ی (حوکمە سزاییەکان)ە لە یاساکە، بەمەرجێک سەرۆکی لیژنەکە یاساناس بێت و دوو ئەندامەکەی تریان شارەزا یاخود لە بواری ڕاگەیاندن، ئەکادیمی بن.

**سێیەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی سێ کەسی لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پارێزگاکان بۆ مەبەستی بەدواداچوونی مەیدانی بۆ پرسی ڕێکلامی بازرگانی.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم: پێوەرە گشتییەکانی ڕێکلام**

١- نابێت ماوەی ڕێکلام لە (١٠%)ی هیچ بەرنامەیەك و درامایەك زیاتر بێت.

٢- پێویستە گرنگی بە لایەنی کوالێت و جوانی ڕێکلامەکە بدرێت و نابێ ئاستی هونەری و تەکنیکی نزم بێت.

٣- پێویستە ڕێکلامەکان کاریگەری نەرێنی و نێگەتیڤیان لەسەر ئاشتەوایی خێزان و کۆمەڵگە نەبێت.

٤- پێویستە گوتاری نێو ڕێکلامەکان پاراو بن و لە چوارچێوەی نەریتی گشتیدا بن و جنێوو و قسەی نەشیاویان تێدا نەبێت.

٥- نابێ ڕێکلام کردن بۆ کاڵایەك ، یان کۆمپانیا ، مۆڵ و بازار ....هتد لەسەر حیسابی شکاندن یان ناشرینکردنی کاڵایەك یان کۆمپانیا ، مۆڵ و بازار و ....هتد تر بێ.

٦- لە ڕێکلامدا ، نابێ سیمبولی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و شوێنە گشتییەکان و دامو دەزگای حکومەت بەکاربهێنرێت.

٧- نابێ لۆگۆی هیچ کاڵایەك یان کۆمپانیا و.....هتد ، بەکاربهێنرێ کە ئاماژەی جیاکاری نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزی تێدا بێت ، یان ئاماژە بۆ ئەم جیاکارییانە لە دەق و وێنە و نواندنی ڕێکلامەکەدا هەبێ.

٨- نابێ لە ڕێکلامدا پەسەندی وڵاتان و دەوڵەتان و نەتەوە ،کۆمپانیا و .... هتد ، تێدابێ بەسەر ئەوانی ترەوە.

**دووەم: ئەو ڕێکلامانەی ڕێگەپێدراو نین:**

١- ئەو بەرهەمانەی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ڕێگەپێنەدراون بۆ بەرهەمهێنان، بازرگانیپێکردن، یان هاوردەکردنیان لە ڕێگەی سنوورەکانەوە، کە بە کوالێتی کۆنترۆڵدا تێپەڕ نەبووبن.

٢- ئابڕو و ناوبانگی پیشەیی کەس، یان توێژێک بزڕێنێت، یان لە ڕێگەی بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکانی تر کەم بکاتەوە.

٣- ببێتە هۆی ڕوودانی کردەیەک، یان کۆمەڵێک کردە لە دژی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم.

٤- ئەو پرۆژانەی کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگە هەیە و ناکۆکن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە لە هەرێم.

٥- بەکارهێنانی سیمبول و سرووده نیشتیمانییەکان.

٦- تێکدانی ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا.

٧- سووکایەتی بێت بۆ ئایینەکان و ئەدەب و هونەر و پرسە نەتەوەییەکان لە هەرێم.

٨- پێشێلی مافی خاوەندارێتی داهێنان و هزری بکات.

٩- بانگەشە بۆ جیاکاریی ڕەگەزی (جێندەریی) بکات.
١٠- بەرهەمی ناوخۆیی بە خراپ و بێکەڵک ناو ببات.
١١- بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی.
١٢- پیشاندانی دیمەنی توندوتیژی.
١٣- ناشرینکردنی جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان.
١٤- ڕێکلامکردن بۆ نێرگەلە و جگەرە و خواردنەوە کحولییەکان.
١٥- ناوهێنانی ناوەندێک، یان دەزگایەکی زانستی بۆ یەکلاکردنەوەی باشی کاڵاکە، بەبێ ئەوەی لە لایەن سەرچاوەیەکی فەرمی پشتگیری کرابێت و ڕەزامەندی ناوەندەکە وەرگیرابێت.
١٦- نووسین و وێنەی وای تێدابێت، ناوەرۆکەکانیان ئاماژە بە ئازاردانی ئاژەڵان بکات.
١٧- بەکارهێنانی مرۆڤ وەک کاڵا لە ڕێکلامدا.
١٨- ماددەی هۆشبەر، یان ئەو ماددانەی هەمان کاریگەریی ماددەی هۆشبەریان هەیە.
١٩- پۆڕنۆ و کاری لەشفرۆشی و نیشاندانی جەستە بە مەبەستی وروژاندن.
٢٠- بەکارهێنانی ئاوازی فۆلکلۆری و گۆرانی و بەرهەمی دیکەی هونەرمەندان لە کاری ڕێکلام بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و هونەرمەندەکە، یان میراتگرانی (مەبەست لە بەرهەمی دیکەی هونەرمەندان: پارچە میوزیك، تابلۆ، گرتەیەکە لە دراما و فیلم و شانۆ..هتد).

**سێیەم: ڕێکلام لەم شوێنانەدا ڕێگەپێنەدراوە**

١- شوێنە ئاینییەکان و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان و دیواربەندەکانیان.
٢- دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئەو جێگا و بینایانەی موڵکی گشتین.
٣- مۆنۆمێنت، باخچە گشتییەکان، پەیکەرو سومبولەکان بەبێ ڕەزامەندیی لایەنی پەیوەندیدار.
٤- هەر جێگایەکی دیکە کە یەکەی کارگێڕی دیاری دەکات.

**چوارەم: ڕێکلامە ڕێگەپێنەدراوەکان لە بواری تەندروستیدا**

ڕێکلامکردن لە بواری تەندروستی و دەرمان، دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بێت و بەنووسراو لارینەبوونی ڕێکلامەکە بکات و وێنەیەك لە لارینەبوونەکە بدرێت بە بەشی ڕێکلام، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.

**پێنجەم: ڕێگاپێنەدراوەکان لە ڕێکلامی منداڵاندا**

١- بێڕێزی بەرامبەر سەرپەرشتیارانی منداڵان.
٢- سەرنجڕاکێشانی منداڵ بۆ بەکارهێنانی کاڵایەک کە وای لێ دەکات لە منداڵی تر پێشکەوتووتر بێت.

**ماددەی (١٧): جێبەجێکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان :**

أ- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ هەڵدەوەشێتەوە .

ب- ئەم ڕێنماییە پاش بڵاوبونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردســتان) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ج-پێویستە میدیای بیستراو و بینراو و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك سۆشیال میدیا و کۆمپانیاکانی ڕێکلام لە ماوەی (٣) مانگ خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن.

**هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەم ڕێنماییە**

هەرێمی کوردســتان بووژانەوەیەکی گەورەی ســیاســی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و بازرگانی بەخۆیەوە دەبینێت، فراوانبوونی ڕەهە ندە کانی ڕادەربڕین هاودەم و تەواوکەری ئەم بووژانەوە و پێشــکەوتنە مەزنەن، بنەمای ئەم پێشــکەوتنە پاراســتنی ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین و نەبوونی سـانسـۆرە. ئەم پێشـکەوتنەی کە لە هەموو بوارەکاندا هەیە، وایکردووە بواری ڕاگەیاندنی بیسـتراو و بینراو گەشــەیەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت و ڕایەڵەکانی لە زۆربووندا بێت، بە جۆرێک کە پێویســت دەکات کارکردنی ئەم ڕایەڵانە بە ڕێنمایی لەسەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێک بخرێت.

ئەم ڕێنماییانە هاندەرێکە بۆ پشــتگیریکردن و جێگیرکردنی کاری پرۆفیشــناڵ و کوالێتی بەرز لە کاری ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و سۆشیال میدیا و ڕێکلامی بازرگانی ، هاوکات پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و کاری میدیاییە کە گرێدراوی بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتی و نیشــتمانییە و پێویســتە بازنەی هاوکاریکردنی نێوان کۆمەڵگا و حکومەت و میدیا فراوانتر بکات، بۆ ئەوەی میدیا ڕاستگۆتر و بەرپرســیارتر بێت و دوور بکەوێتەوە لە هەموو ئەو ئاکارانەی کە ئەم ئەرکە گەورەیە دوو چاری داوەکانی چەواشــەکاری و هەواڵ هەڵبەسـتن و تانە و تەشــەر و دەســت درێژیکردن دەکات بەرامبەر کەس و کۆمەڵگە و نیشــتمان و زمان و بەهاکانی ئاشــتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان.

**حەمەی حەمە سەعید**

**وەزیری رۆشنبیری ولاوان**